



## تەبلێتێک بە دوو سیستەم کار دەکات

کۆمپانیای لینۆڤۆ بەم دواییە تەبلێتێکی بەرهەم هێناوە کە شاشەکەی ١٠ ئینجە و کیبۆردەکەی تەواو لەمسییە.. کیبۆردی ناوبراو کە بە (یوگا بوك) ناسراوە هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ویندۆز ١٠ی لەسەرە.

هەروەك ئاماژەی پێکرا کیبۆردەکەی کە بە کیبۆردی halo ناسراوە تەناو لەمسیە و یەك دوگمەشی نییە. هەروەها پێنووسێکی هۆشمەندی لەگەڵە کە دەکرێت وەك قەڵەمێکی ئاسایی سوودی لێوەربگیرێت، چونکە حیبری تێدایە و پێی دەنووسرێ.

تەبلێتی ناوبراو رامەکەی ٤ گێگابایتە، باترییەکەی هەتا ١٥ کاتژمێر دانابەزێت. میمۆری ناوخۆی ٦٤ گێگابایتە و دەکرێت میمۆری ١٢٨مێگابایتیشی بۆ دابندرێت. کامێراکەی ٨ میگاپێکسلە. کێشەکەی نزیك بە ٧٠٠ گرام دەبێت.

## مۆبایل لە بەرگ

ئەوانەی کاری وێنەگرتن دەکەن بێگومان ناوی (کۆداك)یان بیستووە، چونکە کۆداك مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە. کۆمپانیای ناوبراو لەم دواییەدا روویکردۆتە بەرهەمهێنانی مۆبایل و مۆبایلی جۆری kodal Ektraی بەرهەم هێناوە کە دەکرێ بڵێین مۆبایلە لە بەرگی کامێرادا.

لێنز (عەدەسە)یە گەورەی ئامێرەکە بەر لە هەموو شتێ سەرنجت رادەکێشێ بینەر وا هەست دەکات کامێرا دەبینێ نەك مۆبایل. بەرگێکی تایبەتیشی هەیە دروست وەك کامێرای کۆداك، بەرگەکە زەینی مرۆڤ بۆ

## فڵچەیەکی ددان فیلم هەڵدەگرێتەوە



گرنگیدان بە مرواریەکانی ژیان واتە ددان هەمیشە جێگەی بایەخی مرۆڤ بووە، بۆیە ددانی وەك گەوهەری ژیان داناوە. ددان شوردن و پاکراگرتنیان مەرجی تەندروستی و مانەوەی ددان بووە، هەتا ئێستاش هەر فڵچە و مەعجونی ددان وەك چەند ساڵ لەمەوبەرە و گۆڕانکاری تێدا پێکنەهاتووە، تەنیا ئەو دووساڵە نەبێت کە هەوڵێك لە ئارادایە بۆ گۆڕینی فڵچەی کلاسیك بە فڵچەی دیجیتالی.

فڵچەی دیجیتالی پرۆ فیکس یەکێکە لەو فڵچانە کە دەتوانێت هەموو کون و کەلەبەرێکی ددانەکان ببینێتەوە و پیسی و قرێژ لە کوێ هەبێت بیسرێتەوە. فڵچەی پرۆ فێکس کامێرایەکی دیجیتالی تێدایە دەتوانێت بە وردی نێو دەم نیشان بدات لە رێگای وای-فایەوە لەگەڵ ئاپێك کە لە سەر مۆبایل دانراوە پەیوەند دەدرێ و بە رۆشەنی فول ئێچ دی لە ناو دەم وێنەدەگرێ، وێنەکان کوالیتیان ١٠ مێسگاپێکسلە. جگە لەوەی ددانەکان خاوێن دەکاتەوە دەتوانێت دەوروبەری ددان و پووکانیش خاوێن بکاتەوە.

## هابێکی تایبەت بۆ هیدفۆن و سپیکەر

هابێك واته ئەو سەنتەرەی کە چەندین ئامێر پێکەوە دەبەستێتەوە و دەکرێت ببێتە سەرچاوەی گشت ئەو ئامێرانە.. بۆ نموونە دەکرێت لە ڕێگای هابێکەوە چەندین کۆمپیوتەر پێکەوە لە تۆڕێکدا ببەستیەوە کە گشتیان بتوانن پێکەوە سوود لەیەکتر وەربگرن.. لەم دواییەدا هابێکی تایبەت بە ئامێرەکانی هیدفۆن و سپیکەر بەرهەم هاتووە، بەهۆی ئەو هابەوە دەتوانرێت فایلە دەنگییەکان بەشێوەی وایەرلەیس لە نێوان چەند بیسەردا بکەی بە هاوبەش.. بۆ نموونە تۆ حەزت لە گۆرانییەکە و پێتخۆشە هاوڕێیەکەشت لەوکاتەدا گوێی لەو گۆرانییە بێت، بەڵام ئەو لە ژوورێکی دیکەیە و مۆبایلەکەی لەگەڵ هابەکە لە پەیوەندی دایە بە ئاسانی دەتوانی وابکەی هەردووکتان لەیەك کاتدا گوێ لە گۆرانییەکە بگرن بەبێ ئەوەی کێشە بۆ دەوروبەر دروست بکەن..






## ...ی کامێرادا

ساڵانی رابردوو دەگەڕێنێتەوە. دوگمەی (شاتێر) واتە دوگمەی وێنەگرتنیش لەسەرەوەی مۆبایلەکە..
کامێرا مۆبایلەکە هەستەوەری ٢١ مێگاپێکسیلی لەسەرە، جگە لەوەش (عەدەسە)ی تایبەتی لەگەڵدایە. فلاشێکی زۆر تایبەتیشی هەیە، پرۆگرامێکی دەستکاری کردنی وێنەی زۆر بەهێزی لەگەڵدایە کە لە هیچ مۆبایلێکی دیکەدا نابیندرێ. نەك ئەوە دەتوانیٚ لە پرۆگرامی ئەدۆب لایت رۆمیش سوود وەربگریٚ.




# پڕۆگرامێکی گرنگ بۆ نیگارکێشان

پرۆگرامە گرافیکیەکان گەلێکن، زۆربەی ئەرکیان لە دەستکاری کردنی وێنە وەك جوانکاری، گۆڕانکاری لە وێنەدا چڕ بۆتەوە، هەروەها بەشێکیان تایبەتن بە دروستکردنی لۆگۆ و دیزاین و کاری نەخشەسازی.. ناسراوترین و باوترین پرۆگرام کە پرۆگرامی فۆتۆشۆپە ناتوانرێت نیگارێکی وەك نیگارێکی سروشتی پێبکێشرێتەوە.

کۆمپانیای corel ئەوانەی ئەرکی دیزاین و گرافیك دەکەن دەزانن چ کۆمپانیایەکی سەرکەوتوو لەم بوارەدا و چەندین پرۆگرامی تایبەتی بەرهەم هێناوە، پرۆگرامێکی سەرکەوتووی کۆمپانیای ناوبراو، پرۆگرامی corel painterە . پرۆگرامێکی بەهێز سەرکەوتوو تایبەت بە هونەری نیگارکێشان. دەکرێت هەموو جۆرە نیگارێکی پێ بکێشرێتەوە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە:

- بەکارهێنانی زۆر ئاسانە..
- بە ئاسانی ئەو رەنگەی مەبەستە دەتوانی دروستی بکەی.
- سەدان ئێفێکتی جۆراوجۆر
- گونجاو لەگەڵ سێ لایی و پشتیوانی کردن لە زۆربەی فۆرماتەکانی وێنە.



# سەرنجێک لەسەر کیبۆردێکی زۆر تایبەت



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت چۆن دەکرێت ئەو سایتانە یان ئەو بابەتانەی لە سایتێکدان هەر لە سایتەکەدا بیانکەمە PDF ئایا شتێکی وا دەکرێت؟**

بەڵێ بەڕێز شتی وا دەکرێت.. گشت وێبگەڕەکان وەك گوگڵ کرۆم، فایرفۆکس، ئیسکپلۆرێر ئەو توانایان تێدا هەیە.. تەنانەت وێبگەڕی سافاری گەلێك تایبەتمەندی دیکەشی تێدایە بۆ ئەم مەبەستە..

بۆ کردنی بابەتێك بە PDF سەرەتا هەردوو دوگمەی ctrl+P لێبدە، ئەوکات فەرمانی پرێنت (print) دەکرێتەوە، لەو پەنجەرەیەی دەکرێتەوە پرینتەری Microsoft print to pdf لێبدە و بە ئاسانی و بە چ سایزێك مەبەستتە دەتوانی بیکەی بە pdf.

# وەرگێڕی دەستبەجێ



ئەگەر سەر لە وڵاتێك بدەی و زمانی ئەو وڵاتە نەزانی بەراستی گەشتەکەت چێژێکی ئەوتۆی نابێت. هەرچەندە لە ڕێگای مۆبایل و تەبلێتەوە دەکرێت بەشێك لە ئەرکەکانت ئەنجام بدەی و بە سوود وەرگرتن لە وەرگێڕی گوگڵ هەندێك لە ئەرکەکانت جێبەجێ بکەی، بەڵام ئەوەش وا بە ئاسانی ناکرێت.. پرۆگرامگەلێکی زۆریش بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتوون، بەڵام ئامێرێك کە لەگەڵ مۆبایلەکە لە پەیوەندی دابێت و ئەرکی وەرگێڕانت بۆ ئەنجام بدات ئەوە شتێکی دیکەیە. ئامێری meet pilot هۆشمەندترین ئامێری وەرگێڕە. بەکارهێنەر دەتوانێت ئەو ئامێرە لە گوێی خۆی وەك (بیستەر)ێك دابنێت. تاکو لەکاتی قسەکردندا و دەستبەجێ قسەکانی بەرامبەرەکەی بۆ وەربگێڕێ. ئاپێکیشی لەگەڵدایە دەتوانیت بە سوود وەرگرتن لەو زمانی مەبەستی خۆت هەڵبژێری بە سوود وەرگرتن لە بڵندگۆکەش قسە وەرگێڕدراوەکان بۆ هەموو لایەك بڵاوبکەیەوە. هەرچەندە تاکو ئێستا هەر پێنج زمانی گرنگی جیهانی تێدایە..

ئەوانەی شارەزای بواری تەکنەلۆژیای نوێن دەزانن کۆمپانیای لاجیتیك (Logitech) یەکێکە لە سەرکەوتووترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێرە تایبەتەکانی تایبەت بەگەیمینك.. لاپتۆپ و کیبۆرد و ماوسەکانی ئەو کۆمپانیایە گەرچی گرانبایین، بەڵام لە ریزی باشەکان دێن.. لێرەدا تیشك دەخەینە سەر یەکێك لە کیبۆردە تازەکانی کۆمپانیای ناوبراو...

کیبۆردی جۆری G٩١٠ جگە لەوەی کە وەك هەموو کیبۆردێکی ئاسایی دوگمەکانی هەن، ٩ دوگمەی تایبەتیشی لەگەڵدایە ٥یان لەلای چەپ و ٤یان لەلای راست.. کیبۆردەکە بەشێکی تایبەتی هەیە بۆ دانانی مۆبایل و جگە لەوەی کە دەتوانی مۆبایلیش سوودی لێوەربگرێ، زانیاری سەبارەت بە پرۆسیسەر و رمی مۆبایل و ئەرکی دیکەش وەك گۆڕینی پرۆفایلیشی پێ ئەنجام بدرێ. سەرنجراکێشترین بەشی کیبۆردەکە بەشی رووناکی ژێر دوگمەکانە کە دەکرێ هەتا زیاتر لە ١٦ ملیۆن رەنگ بیگۆڕی.. نەك تەنیا گۆڕینی رەنگ بەڵکو دەتوانی ئێفکتیش بۆ رەنگەکانی دابنێی، وەك ئێفێکتی ئەستێرە، شەپۆل، هەناسەکێشان..تاد. هەتا دەتوانی بۆ هەر دوگمەیەکیشی رەنگێکی تایبەتی دابنێی، بۆ نموونە بتوانی لە تاریکیدا دوگمە پێویستییەکان بەهۆی رەنگەکانەوە بناسیەوە.



## سایتێک بۆ هاوبەشکردنی بەڕێکردن و هاوبەش کردن

جاری وا هەیە پێویستە فایلێکی چەند سەد مێگابایتی بۆ کەسێك بەڕێ بکەی، بەڵام ئیمێلی یاهوو و جیمیلی گوگڵ ناتوانن پشتیوانی لە فایلی گەورە بکەن بۆ بەڕێ کردن، بۆ ئەم مەبەستە سایتگەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان وەرگرتن و بەرێکردنی فایلە گەورەکانە، یەکێك لەم سایتانە سایتی https://reep.io/یە.. ئەم سایتە زۆر بە ئاسانی و بێ گرفت فایلەکان وەردەگرێ و دواتر لینکێك بۆ دانلود کردنت پێدەبەخشێ، لینکەکە بدەی بە هەر کەسێك دەتوانێ فایلێکە بە ئاسانی دانلۆد بکات..